گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا: 22، ژمارە: 1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 22 – 45، 2019
(ژمارەكا تایبەت)، سەنتەرێ ڤەكولینێن جینوسایدێ، زانكويا دهوك

# بەربەستە یاساییەكان لە بەنێودەوڵەتییكردنی تاوانەكانی جینۆساید دژی گەلی كورد ڕێكەوتننامەی ساڵی 1948 بە نموونە

**هونەر امین حسن**
**سەنتەری توێژینەوەی زانكۆی چەرموو بۆ تاوانەكانی ئەنفال و جینۆساید، هەرێمی كوردستان-عێراق**
**زانكۆی چەرموو، هەرێمی كوردستان-عێراق**

***(مێژوويا رەزامەنديا بەلاڤكرنێ: 30 كانوينا ئێكێ، 2019)***

## پوختە

كۆمەڵی نێودەوڵەتیی خاوەنی چەندین دەزگای یاسایی دانپیانراوە، كە دەتوانێت بەپێی ئەو بنەما یاساییانەی لەسەری پێكهاتووە و بوونەتە سەرچاوەیەكی یاسایی نێودەوڵەتیی، بڕیار لەسەر یەكلاییكردنەوەی هەرتاوانێكی نێودەوڵەتی بدات، بۆ ئەمەش چەندین تاوان هەیە،كە لە قۆناغە مێژووییەكاندا بەرامبەر گروپە جیاوازەكان ڕوویانداوە و لە ڕێگای ئەم دەزگا یاساییە نێودەوڵەتییانەوە بە جینۆساید ناسێنراون. بەڵام بە درێژایی مێژووی كوردستان، كورد هەموو جۆرە تاوانێكی لەسەر تاقیكراوەتەوە، یەكێك لەو تاوانە ترسناكانەش، كە بەرامبەر كورد ئەنجامدراوە تاوانی جینۆسایدە، كە بەهۆی ترسناكی ئەمجۆرە تاوانە لەسەر مرۆڤایەتیی بە گشتی بە تاوانی تاوانەكان، یان بە دایكی تاوانەكان ناسراوە. كاریگەریی تاوانی جینۆساید لەسەر مرۆڤایەتی بەشێوەیەكی گشتی شوێنەواری زۆر دیاری بەجێهێشتووە لەناو ئەوانەشدا نەتەوەی كورد شوێنەواری ئەم تاوانەی بەشێوەیەكی زۆر دڕندانە لەسەر دیارە و بەردەوامیش ترسی دووبارەبوونەوەی ئەم تاوانە بەرامبەر نەتەوەی كورد هەیە. ئەویش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا ئەو تاوانانەی بەرامبەر كورد ئەنجامدراون لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بە جینۆساید نەناسێنراون. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەلایەكەوە باس لە تاوانی جینۆساید لە یاسای نێودەوڵەتیی و یاسای ناوخۆدا دەكات. لە هەمانكاتدا پەیوەندییان لەگەڵ تاوانی جینۆسایددا، لەلایەكی تریشەوە باس لەو بەربەستە یاساییانە دەكات كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی یان لەسەر ئاستی ناوخۆ بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم نەتەوەی كورددا و نەتوانراوە بەهۆیانەوە بەنێودەوڵەتییبكرێت و لە هەمانكاتیشدا دیاریكردن و گەڕانەوە بۆ باشترین ڕێگا بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانیین ئەو تاوانانەی بەرامبەر نەتەوەكەمان ئەنجامدراوە بە جینۆساید بناسێنین.

**كليله وشه:** ***جینۆساید، تاوانی نێودەوڵەتیی، دادگای تاوانكاریی نێودەوڵەتیی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان.***

## پێشەکـــی

له سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە تاوانەکان بە شێوازی جۆراوجۆر بەرامبەر مرۆڤەکان لە شوێنە جیاوازەکانی سەر ئەم گەردوونە، ئەنجامدراون. لەگەڵ بەرەوپێشچوون و گۆڕانکارییەکانی ژیاندا جۆری تاوانەکانیش فراوان بوون، کە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانیین بڵێین بوون بە تاوانە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. ئەمە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی نێودەوڵەتییەوە سەیری تاوانەکان بکەین بۆ پۆلێنکردنی تاوانەکان و دیاریکردنی ئەو چوارچێوە یاساییەی کە ئەو تاوانە دەیگرێتەوە، چونکە لە یاسای تاواندا کاتێك کارێك بە تاوان دادەنرێت کە یاسا بڕیاری لەسەردابێت، ئەو کارە تاوانە و لە بەرامبەریشدا سزایەکی دیاریکردبێت. بۆیە تێکڕای وڵاتان بە گشتی خاوەنی یاسایەکی سزادانی تایبەت بەخۆیانن، کە تێیدا بەپێی باروژیانی هاووڵاتیانی وڵاتی خۆیان چۆنییەتی سزادانی تیادا دیاریدەکەن، لە کاتی دەرچوونیان لەو یاسایە و پاشان لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتییدا پێکەوە دەتوانن تەواوی ئەو ڕێکارانە بگرنەبەر کە پێویستە بۆ بوونی کۆمەڵگەیەکی ئارام، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتان.

**کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هەوڵەدات بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەگرێن لەسەر ئەو بەربەستانەی کە هەیە لەسەر ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید کە بەرامبەر کورد ئەنجامدراوە بگەڕێت. ئایا تاوانەکان لە عێراقدا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیی و لە سەرئاستی ناوخۆیی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؟ ئەگەر ئەو بەربەستانە دیاریبکرێت سوودی بۆ گەلی کورد چییە؟ کێ هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەو بەربەستانە؟ بە تێڕوانین بۆ ئەو تاوانانەی، کە بە درێژایی مێژوو لە عێراقدا بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە بە تایبەتی تاوانەکانی (جینۆسایدی بارزانییەکان و جینۆسایدی فەیلییەکان و جینۆسایدی ئەنفالی گەلی کورد و جینۆسایدی یەزیدییەکان و....هتد) دەمانەوێت لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە بگەینە وەڵامی ئەو پرسیارانە و ئەو ڕاستییانەی، کە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ئەو تاوانانەی بەرامبەر کورد ئەنجامدراوە بە جینۆساید ناناسێنێت.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** گریمانەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ئەگەر ئەو بەربەستە یاساییانە نەمێنێت ئەم تاوانانە بە جینۆساید دەناسێندرێن و کورد دەتوانێت وەك هەرگەلێکی تری جینۆسایدکراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بە مافەکانی خۆی بگات و لەژێرچاودێری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییدا بپارێزرێت و تاوانی جینۆساید لە بەرامبەری لە داهاتوودا دووبارە ئەنجامنەدرێتەوە؟ هەروەها بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو بەربەستانە بەردەوام بن ئەوا هیچ کاتێك ناتواندرێت ئەو تاوانانە بەنێودەوڵەتییبکرێت و کورد وەك نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو کێشەکانی بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە و ئەنجامدانی ئەمجۆرە تاوانانە بەرامبەر کورد ئەگەری چەندبارەبوونەوەی هەیە.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامدراوە، وەك تاوانێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی پۆلێنیاندەکات و دەبینین کە ئەو تاوانانەی لەناوخۆدا ئەنجامدراوە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی لە کاتی ئەنجامدانیدا سەرجەم ڕەگەزەکانی تاوانی تیادا بەدیدەکرێت، کە ئەنجامدانی تاوانەکەیە بە مەبەست و هەبوونی پەیوەندیی

ڕاستەوخۆ لە نێوان مەبەستی ئەنجامدانی تاوانەکەو ئەنجامەکەیدا، کە لەناوبردنی سەدان هەزار مرۆڤ بوو لە نەتەوەی کورد. بەڵام پێچەوانەی ئەم یاسایە لە عێراقدا لە کاتی ئەنجامدانی ئەم تاوانەدا کارپێیکراو تاوانەکە شەرعییەتی تەواوی یاسایی پێدراو ئەم شەرعییەتەش تا دوای ڕووخاندنی ئەودەسەڵاتەی کە ئەو تاوانەی ئەنجامدا بوو بەردەوام بوو. بۆیە ترسناکی تێگەشتنی ئەو تاوانانە لێرەوەیە، بەوەی ئەگەر بڕیاربێت ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامدەدرێت لە هەرپارچەیەکی کوردستاندا هیچ کەس مافی لێپرسینەوەی لەو دەسەڵاتانە نابێت، کە حوکمی نەتەوەی کورد دەکەن تەنها دوای ڕوخانیان نەبێت. بەمەش تێدەگەین لەوەی کە تاوانەکانی جینۆساید دژی گەلی کورد بەردەوام دەبێت لە کوردستاندا و کەسێك و یاسایەك و وڵاتێك نابێت ڕێی لێبگرێت. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی جیهان لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە لەوە تێگەشتوون کە ئەم تاوانانە نەك هەر تەنها تاوانێکی ناوخۆیی نیین و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا قەتیس نامێنن، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی چوارچێوەیەکی یاساییشیان بۆ دیاریکردووە و تێدەگەن لەوەی کە ئەو جۆرە تاوانانە سنوری دەوڵەتان دەبڕێت و یاسایەکی نێودەوڵەتیشییان بۆ کۆتایی پێهێنان و ڕێگەگرتن لەو تاوانانەی کە لەبەرامبەر مرۆڤایەتیی ئەنجامدەدرێت دەرکردووە. بۆئەوەش لەژێر ناوی تاوانی جینۆسایددا هەوڵیانداوە تەواوی ئەو تاوانە ترسناکانە مەحکوم بکات، کە ئەویش ڕێکەوتننامەی ساڵی 1948 بوو، بۆ ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانیی. بەڵام خاڵی ترسناکی ئەم ڕێکەوتننامەیەش ئەوەیە، کە لە دوای دەرچوونی و چوونە بواری جێبەجێکردنەوە لە چەندین شوێنی جیاواز تاوانی جینۆساید دژی مرۆڤ ئەنجامدراوە، دواتر بەپێی ئەم یاسایە ئەنجامدەرانی سزادراون و مافە یاساییەکان بۆ گەلە تاوانلێکراوەکان گەڕاونەتەوە. وەك تاوانی جینۆسایدی ڕواندا و یوگوسلافیای پێشوو بەنمونە، بەڵام بۆ گەلی کورد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی، کە وەك دڕندانەترین تاوانەکانی سەردەم دژی مرۆڤ ئەنجامدراوە پشتگوێیدەخەن. بۆیە گرنگە ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی پشتگوێخستن و بەربەست بۆ بەنێودەوڵەتییکردنی ئەو تاوانانەی بەرامبەر کورد ئەنجامدراوە دیاریبکەین، ئەمەش لەڕووی دەرکردنی بڕیاری دادگایەکی نێودەوڵەتیی بۆ داننان بەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کورد وەك تاوانی جینۆساید، ئەنجامدراون.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەو ڕێبازانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکاردەهێنرێت ڕێبازی شیکاری یاسایی و ڕێبازی مێژوویین، بەو پێیەی کە ئەم تاوانانە سەرەڕای ئەوەی، کە دەچنە چوارچێوەی یاساکانەوە و پرسێکی یاسایین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مێژووییین، بۆیە لە هەردوو لایەنەکەوە توێژینەوەکە پشتیان پێدەبەستێت.

**هەیکەلی ئەم توێژینەوەیە:** بۆ ئاسان تێگەیشتن و لێکدانەوەی کێشە و سەلماندنی گریمانەی ئەم توێژینەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی هەیکەلی ئەم توێژینەوەیە کراوە بە دوو بەشی سەرەکییەوە. کە لە بەشی یەکەمدا باسی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی و تاوانی جینۆساید دەکات. ئەم بەشەش دەکرێت بە دوو پارەوە، لە پاری یەکەمدا باسی تاوانی نێودەوڵەتیی و پەرەسەندنی تاوانەکانی جینۆساید دەکات، کە لە ڕووی یاساییەوە شیکارێك بۆ چەمکی تاوان و یاسای تاوان و تاوانی جینۆساید دەکات. لە

پاری دووەمدا توێژینەوەکە تاوانی جینۆساید و ئەنجامدانی دژی گەلی کورد شیدەکاتەوە و لێرەدا بەپێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ڕەگەزەکانی تاوانی جینۆساید لەو تاوانانەدا کە بەرامبەر کورد ئەنجامدراوە دەسەلێندرێن. پاشئەوەی کە ئەو تاوانانە وەك تاوانی جینۆساید شیکاری یاساییان بۆ دەکرێت، توێژینەوەکە لە بەشی دووەمدا بەربەستە یاساییەکان شیدەکاتەوە و لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەم بەشەوە بۆ دوو پاری سەرەکیی، لە پاری یەکەمدا لێکدانەوە بۆکێشە ناوخۆییەکانی گەلی کورد وەك بەربەستێك لە بەنێودەوڵەتییکردنی تاوانەکانی دژی گەلی کورد دەکرێت و کاریگەرییەکانی ئەو کێشانە ڕووندەکرێتەوە و لە پاری دووەمدا بەربەستە یاساییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژی گەلی کورد وەك دوا پاری توێژینەوەکە لەڕووی یاساییەوە لە ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا شیدەکاتەوە. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەشتووە و ئەو سەرچاوانەی بەکارهێنراون دەخاتەڕوو.

## 1. بەشی یەکەم / یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی و تاوانی جینۆساید

### 1.1. باسی یەکەم / تاوانی نێودەوڵەتیی و پەرەسەندنی تاوانەکانی جینۆساید

**چەمکی تاوان:**

لە بواری یاسادا تاوان دەکەوێتە ناوچوارچێوەی یاسای سزادانەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە زۆربەی یاسادانەرانی سزایی پێیان باش نییە، کە یەك پێناسەی دیاریکراو بۆ تاوان دابنرێت. چونکە یاسادانەر بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی ڕەوایی بۆ هەرتاوانیك لە تاوانەکان دەقێکی تایبەت بەخۆی دادەنێت. کە تێیدا پایەکان و ناوەڕۆکەکەی و سزاکەشی دیاریدەکات. بۆیە لە کاتی دانانی یەك پێناسەی دیاریکراو بۆ تاوان یان دەبێتە هۆی فراوانبوونی سنوری تاوانەکە، یان دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی سنوری تاوانەکە ئەگەر نەیتوانی تەواوی لایەنەکانی تاوانەکە بگرێتە خۆی. ئەمەش دواجار هۆکارە بۆ دروستبوونی کەموکورتی یاسایی، بۆیە باشترە واتای تاوان بەپێی ناوەڕۆکی تاوان لە کاتی ڕوودانیدا دیاریبکرێت و لەو کاتەدا پێناسەی ئەو تاوانە و چەمکی واتاکەی لە سنورێکی دیاریکراوداو بۆ کاتێکی دیاریکراو دروست دەردەچێت. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا زانایانی تاوان چەندین پێناسەیان بۆ تاوان دیاریکردووە، کە دەتوانین لەم پێناسەیەدا کۆیان بکەینەوە بەوەی کە ((ئەنجامدانی کارێکە یان هەڵنەستان بە ئەنجامدانی کارێکە کە یاسا بە تاوانی داناوەو سزایەکیشی بۆداناوە ئەگەر لە مرۆڤێکی بەرپرسەوە دەرچووبێت.))[1].

لێرەوە تێدەگەین لەوەی کە یاساکان جۆری تاوانەکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی دیاریدەکەن. بۆ ڕونکردنەوەی تاوان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی پێویستە سەرەتا ئێمە لە یاسای نێودەوڵەتیی تێبگەین، بەوەی کە یاسای نێودەوڵەتیی کۆمەڵێك پەیوەندی یاساییە بە هاوبەشیی ئەو ڕەگەز و بنەمایانەی لێیان پێکهاتووە حوکمی ئەو پەیوەندییانە دەکەن. لە یاسای نێودەوڵەتییدا سێ ڕەگەزی سەرەکیی هەیە ئەوانیش: (یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و کەسایەتیە نێودەوڵەتیەکان کەبریتین لە دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وتاکەکان، یاسای نێودەوڵەتیی عورفیی)[2]، ئەمانیش بەپێی ڕێبازی نوێ پێناسەدەکرێت بەوەی کە بریتیە لە کۆمەڵێك بنەمای یاسایی کە پەیوەندیەکانی نێوان ئەو لایەنانە ڕێکدەخات کە

کەسایەتی نێودەوڵەتیان هەیە[3] یان بریتیە لەکۆمەڵێك بنەمای یاسایی کە رێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان وڵاتان و پێکهاتەکانی ترە لە کەسایەتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی[4]. مێژووی ئەم یاسا نێودەوڵەتییانە و گەشەکردنی لەگەڵ گەشەکردنی وڵاتان و پەیوەندی نێوانیاندا گەشەی کردووە[5]. کە سەرەتای ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و لە دوای ئەو جەنگەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لە پێویستی بوونی یاسایەکی نێودەوڵەتیی تێدەگات و لە ڕێگای ئەو بنەمایانەی کە ئەو یاسا نێودەڵەتییانەی لێپێکهاتووە وڵاتان هەوڵیانداوە بۆئەوەی ئارامی بۆ وڵاتان دەستەبەربێت و تاوانە نێودەوڵەتییەکان ڕێگایان لێبگیرێت. لێرەوە سەرەڕای گەشەکردنی پەیوەندی یاسایی نێوان وڵاتان لە ڕووبەڕووبونەوەی تاواندا هەر دەوڵەتێکیش بە جیا هەوڵی ناساندن و دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ تاوان دا، بە جۆرێك کە لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگەکەی خۆیدا بگونجێت و هەمان ئەو لێکدانەوەیەش بگەیەنێت. ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانیش بەپێی تواناکانی خۆیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی ئەو تێگەشتنەی خۆی لە بواری تاواندا بچەسپێنێت. کە ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هەردوو جەمسەری سیستەمی ئیشتراکیی و سیستمی سەرمایەدارییدا بە ئاشکرا دەبیندرا، کە تێگەشتنیان بۆ چەمکی یاسای تاوان جیاواز بوو[6]. لەبەرئەوەی جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییە، بۆیە دەبێت لە چەمکی تاوانی نێودەوڵەتییش تێبگەین، بۆ تێگەیشتن لەو چەمکەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی، کە ئەویش لقێکە لە یاسای گشتی  نێودەوڵەتیی.

تاوانی نێودەوڵەتیی زانایان دابەشیان کردووە بۆ سێ ئاڕاستە:

ئاڕاستەی یەکەم: لایەنگرانی قوتابخانەی شکڵییە، کە ئەمانە زیاتر گرنگی دەدەن بە سەرپێچی بنەما یاساییەکان، یان ئەو واقعەی کە ڕوویداوە لەگەڵ دەقە قانوونییەکاندا. کە ئەمانە پێناسەی تاوانی نێودەوڵەتیی دەکەن بەوەی کە ((بریتییە لە هەر کارێکی نامەشروع ، سزاکەشی بەناوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە جێبەجێدەکرێت)).

ئاڕاستەی دووەم: کە لایەنگرانی قوتابخانەی بابەتیین، ئەمانە گرنگی بە ناوەڕۆکی تاوانەکە دەدەن، بەو پێوەرەی کە تاوانێکە زیان بە بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت. کە یەکێك لە فوقەهاکانی ئەم قوتابخانەیە پێیوایە کە تاوانی نێودەوڵەتیی ((ئەو ڕەوشتەیە کە زیان بە زیاتر لە دەوڵەتێك دەگەیەنێت))، یان ((هەرسەرپێچییەکی یاسای نێودەوڵەتیی جا ئەگەر یاسای نێودەوڵەتیی ڕێگای پێدابێت یان قەدەغەی کردبێت، کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەتاك یان بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە پشتگیریی دەوڵەتێك)).

ئاڕاستەی سێهەم: کە تەواوکارییە (تکمیلی) یە ئەمانە پێناسەی تاوان دەکەن بەوەی کە: ((هەرکارێك ئەنجامبدرێت و زیان بە بەرژەوەندییەك بگەیەنێت کە یاسادانەر پارێزگاریی لێکردووە لە یاسای سزادانداا))، کە ئەمەش پێناسەی تاوان/جەریمەیە بە گشتی، بەڵام لە بارەی پێناسەی تاوان لە یاسای نێودەوڵەتییدا یان پێناسەی تاوانی نێودەوڵەتیی ئەم ئاڕاستەیە پێیانوایە کە ((کارێکە زیان بە بەها و بەرژەوەندییەك دەگەیەنێت، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بایەخی پێدەدات و سەرپێچییە بۆ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی)) [7]. بەو پێیە تاوانی نێودەوڵەتیی دەبێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی مامەڵەی لەگەڵدابکرێت و زیانی تاوانی نێودەوڵەتیی سنوری وڵاتان تێدەپەرێنێت و زیان بە بەرژەوەندییە

باڵاكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەگەیەنێت. بۆیە بەپێی مێژووی تاوانەكان كە ڕوویانداوە دەگەینە ئەو ڕاستییانەی كە لەگەڵ نەبوونی یاسایەك بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، جەنگەكان خێراتر لەژێرناوی جۆراوجۆردا ڕوویانداوە و بوونی ڕێكەوتنی نیودەوڵەتیی و یاسایەك كە پەیوەندی نێوان وڵاتەكانی ڕێكخستبێت كاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر ڕوودانی جەنگەكان . لەناو چوارچێوەی ئەو جەنگانەشدا تاوانی جینۆساید سەریهەڵداوە و بووەتە تاوانێكی ترسناك لەسەرئاستی نێودەوڵەتیی و بە تایبەت بۆ ئەو گەلانەی كە خاوەنی كیانێكی سەربەخۆی خۆیان نیین .

**تاوانی جینۆسایدو پەرەسەندنی:** یەكێك لە سامناكترین تاوانە نێودەوڵەتییەكان كە لە دادگای لاهای ناوی هێندراوەو لە یاسای تاوانی نێودەوڵەتییدا شوێنێكی دیاری هەیە تاوانی جینۆسایدە ، كە ئەم تاوانە ئەگەرچی چەمكێكی نوێیە و لە ساڵی 1944 بۆ یەكەمجار لە نووسیندا لەلایەن (رافائیل لیمكین)ەوە بەكارهاتووەو تۆماركراوە. بەڵام لە ساڵی 1948ەوە بۆ یەكەمجار لە ڕێكەوتننامەی ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی بوو بە یاسا [8]. جینۆساید بە درێژایی مێژوو وەك تاوان بوونی هەبووە و لە دژی گروپە جیاوازەكانی مرۆڤایەتیی ئەنجامدراوە، بە تایبەتی گروپە ژێردەستەكان و بێ دەوڵەتەكان. بە جۆرێك كە زۆرێك لە ستەمكارانی مێژوو چێژیان لە دروستكردنی ڕووبارێك لە خوێن بینیوە و ئەوانەشی كە نەدەكوژران و دەهێڵرانەوە بۆ مەبەستی خۆیان بەكاریان دەهێنان. بە تایبەتی وەك كۆیلەی كۆمەڵایەتیی و سیاسیی مامەڵەیان پێوەكراوە، لەناوبردنی ئاشورییەكان لەلایەن بابلییەكان و مادەكانەوە لەساڵی (612) بە یەكەمین جینۆساید دادەنرێت لە مێژوودا[9]. دوای ئەوە بە درێژایی مێژوو ئەم جۆرە لە تاوان ئەنجامدراوە و بە سەدان ملیۆن كەس بەهۆی ئەم تاوانەوە لەناوچوون. تەنانەت لە جەنگی جیهانیی یەكەم و جەنگی جیهانیی دووەمیشدا مەترسییەكانی ئەمجۆرە تاوانە گەیشتە لوتكە و كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی ناچاركرد، بۆ بەربەستكردن و ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید لە جیهاندا بیر لە ڕێگاچارەیەك بكەنەوە. بۆیە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان لە سەرەتادا بە بڕیاری ژمارە 96(د-1) لە 1946/12/11 جینۆسایدی بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی بە تاوان داناوەو بەپێی بڕیارەكەش ئاماژەی بەوەكردووە، كە جینۆساید دژە لەگەڵ گیان و ئامانجی نەتەوە یەكگرتووەكان و جیهانی شارستانیی سەرزەنشتی دەكات. پاشان بۆ تەواوكردن و بەردەوامبوون لەسەر ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ڕێكەوتی 1948/12/9 بە بڕیاری ژمارە 260أ(د-3) ڕێككەوتننامەی ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆسایدیان پەسەندكرد و بوو بە سەرەتایەك بۆ بە فەرمیی ناسینی ئەو جۆرە تاوانە لەڕووی یاساییەوە و چواچێوەیەكی یاسایی بۆداندرا وەك تاوانێكی نێودەوڵەتیی و هەوڵدان بۆ ڕێگریكردن لە ئەنجامدانی بە هۆی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. چونكە ئەوەی لە مێژووی ئەمجۆرە تاوانەدا بەرچاوكەوتووە كاریگەرییەكانیەتی لەسەر نەك تەنها ئەو گرووپانەی لە تاوانەكەدا هاوبەشن و زیانیان بەركەوتووە، بەڵكو سنوری ئەو گرووپانەشی بڕیووە و كاریگەریی لەسەر گروپە بێلایەنەكانی تریش هەبووە. ئەمەش هۆكارێكی گرنگی كۆكردنەوەی وڵاتانی جیهانە بۆ گەیشتنە ڕێككەوتننامەیەك بۆ بەربەستتكردنی تاوانی جینۆساید [10].

## 2.1. باسی دووەم/ تاوانی جینۆساید و ڕەگەزەکانی و ئەنجامدانی دژی گەلی کورد

دوای ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە لە سەرەتای پەرەسەندنی ئەم جۆرە تاوانە تێگەیشتین، پێویستە لە ڕووی یاساییەوە پێناسە و ڕەگەزەکانی ئەمجۆرە تاوانە بەوجۆرەی کە لە ڕێکەوتننامەی نێودەڵەتییدا هاتووە ڕوونبکەینەوە. چونکە پێش ڕوونکردنەوەی ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدراون، پێویستە لە تاوانی جینۆساید بە تەواوی تێبگەین و پاشان ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدراون بە پێوەری یاسای تاوانی جینۆساید بیپێوین و لە ڕوانگەی یاساوە بڕیاربدەین، کە ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدراون کام جۆرەیە لە تاوانی نێودەوڵەتیی. ئەمەش دوور لە هەموو هەست و سۆزێکی نەتەوایەتیی و بەپێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی و ئەو پرەنسیپانەی کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی لێپێکهاتووە، دەتوانین شیکاری یاسایی دروست بۆ هەر تاوانێك بکەین.

لەساڵی 1948دا وڵاتەکان لە سەر ڕێکەوتننامەی ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانیی بڕیاریاندا. ئەم ڕێککەوتننامەیەش لە 19 ماددە پێکهاتووە و دوای تێپەڕبوونی دووساڵ لە ئیمزاکردنی لە 12/کانونی دووەم/1951 چووە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە لەو کاتەوە تا ئێستا هەندێك لە وڵاتانی جیهان، یان بە شێوەیەکی فراوانتر کاریان بەو ڕیکەوتننامەیە کردووە یان لە وڵاتەکانی خۆیاندا چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەو ڕێکەوتننامەیەیان لەناو یاسای سزادانی خۆیاندا بەرتەسکترکردووەتەوە. هەندێك لە دەوڵەتانیش بێ هیچ دەستکاریکردنێك ئەو ڕێکەوتتنامەیە وەك خۆی جێبەجێدەکەن و لە یاسای سزادانی خۆیاندا بە دەق ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ڕێکەوتننامەی ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید بێ هیچ دەستکاریکردنێك وەك خۆی جێبەجێدەکرێت. بۆ نمونە لە یاسای سزادانی ڕووسیای فیدراڵدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو ڕێکەتننامەیە وەك خۆی جێبەجێدەکات[11]. لەبەر سامناکیی تاوانی جینۆساید لە بەندی یەکەمی ڕێکەوتننامەی ساڵی 1948دا بە جۆرێك باسی تاوانی جینۆساید دەکات، کە تاوانی جینۆساید دەکرێت لە کاتی جەنگ یان ئاشتییدا ڕووبدات. واتە مەرج نییە تەنها لە جەنگدا تاوانی جینۆساید ڕووبدات، بەڵکو دەکرێت هیچ جەنگێکیش لە ئارادا نەبێت و ئەو تاوانەش لە قۆناغەکانی ئەنجامدانیدا بێت، ئەمەش لە تێگەیشتن لە پێناسەی یاسای تاوانی جینۆسایدەوە ڕووندەبێتەوە، کە چۆن دەبێت لە کاتی ئاشتییدا تاوانی جینۆساید ڕووبدات؟ لە بەندی دووەمی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا پێناسەی تاوانی جینۆسایدی کردووە بەوەی کە جینۆساید بریتییە لە ئەنجامدانی هەرکارێك لەوکارانەی لەم ماددەیەدا دیاریکراوە بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی، لەژێر سیفاتی نەتەوەیی یان ڕەگەزیی یان نەژادیی یان ئاینی. کارەکانیش ئەمانەن:

1- لەناوبردنی ئەندامانی ئەوگروپانە بەهەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی لەناوبردن.

2- زیانگەیاندن بە جەستەو شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو گروپە.

3- بە ئەنقەست دانانی ئەو گروپانە لەژێر بارودۆخێکی سەختدا، کە ببێتە هۆی لەناوبردنی هەموویان یان بەشێکیان.

4- تەگەرەخستنە بەردەم زیادبوونی ئەندامانی ئەو گروپانە بەهەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی منالبوون .

5- بەزۆر ڕاگواستنی منالٚ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر [12].

له ساڵی 1948دا كاتێك ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ئەم پێناسەیەی بۆ تاوانی جینۆساید بەپێی ئەو ڕێكەتننامەیە دیاریكرد، تا ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی گۆڕانكارییەكی بەسەردا نەهاتووە، تەنها ئەوەنەبێت كە وڵاتان خۆیان له یاسای نیشتیمانیی خۆیاندا له سەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەكانیان بەوجۆرەی كە پێشتر ڕوونمانكردووەتەوە ڕەنگە گۆڕانكاریی تیایدا ڕوویدابێت. بۆیە لێرەدا دەبێت له شیكاری یاسای تاوانی جینۆساید تێبگەین و بزانین، كە ئەو ڕەگەزانەی پێویستە بوونیان هەبێت له كاتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدا كامانەن، بەپێی ئەو پێناسەیە كە لەهەمان كاتدا دەتوانین بڵێین ئەمانە جیاكەرەوەكانی تاوانی جینۆسایدن:

**یەكەم/ تاوانلێكراو:** لەم تاوانەدا پێویستە ئەو لایەنانەی یان ئەو گروپانەی كە دەكەونە بەر ئەو تاوانە سەر به یەكێك له گروپە؛ (نەتەوەیی، ڕەگەزیی، نەژادیی یان ئاینی)یەكان بن. واتە گروپی تاوانلێكراو لێردا چوار گروپە، مەرجە تاوانەكە بەرامبەر یەكێك لەم گروپانە ئەنجامدرابێت. ئەوەی پێویستە لێرەدا لەسەری ڕابوەستین ئەوەیە، كە سەرەڕای بوونی مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێكی ئەو گروپە مەرجە تاوانەكە له ناو یەك گروپدا ڕووی نەدابێت، یان ڕوونتر بڵێین لەلایەن گروپێكی ترەوە بەرامبەر ئەندامانی گروپێكی تر ئەنجامدرابێت ئەو گروپانەش بەپێی ماددەی دووەم له ڕێكەوتننامەی بەربەندكردنی تاوانی جینۆسایدو سزادانی ئەنجامدەرانیی دیاریكراوە. بریتین له گروپەكانی؛ نەتەوەیی، ڕەگەزیی، ، نەژادیی و ئاینیی. تەنها ئەم گروپانەش بەپێی ئەو ڕێكەوتننامەیە پارێزراون، ئەمەش یەكێكە لەو ڕەخنانەی لەسەر ئەم ڕێكەوتننامەیە هەیە.[13]

**دووەم/** ئەنجامدانی یەكێك لەو كارانەی خوارەوە بەرامبەر هەریەكێك لەو گروپانەی سەرەوە، كە له ڕێكەوتنەكەدا دیاریكراوە. ئەوانیش :

١- لەناوبردنی ئەندامانی ئەوگروپانە بەهەر ڕێگایەك له ڕێگاكانی لەناوبردن.

٢- زیانگەیاندن به جەستەو شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو گروپە .

٣- به ئەنقەست دانانی ئەو گروپانە لەژێر بارودۆخێكی سەختدا، كە ببێتە هۆی لەناوبردنی هەموویان یان بەشێكیان.

٤- تەگەرەخستنە بەردەم زیادبوونی ئەندامانی ئەو گروپانە بەهەر ڕێگایەك له ڕێگاكانی مناڵبوون.

٥- بەزۆر ڕاگواستنی مناڵ له گروپێكەوە بۆ گروپێكی تر.

ئەم ڕێكەوتننامەیە له هەر یەكێك لەم خاڵانەدا ئەوە دەخاتەڕوو، كە نكوڵیكردن له ژیانی مرۆڤ لەژێر هەر بیانوویەكدا ڕێگە پێنەدراوە. بەڵام جگەلەوەی، كە له خاڵی یەكەمدا بە ئاشكرا باس له كوشتنی مرۆڤ دەكات، له تەواوی خاڵەكانی تردا هەنگاوەكانی لەناوبردنی مرۆڤ باسدەكات بەو چوار جۆرەی كە ئاماژەپێكردووە. واتە ئەگەر گروپی تاوانكار بەهەر ڕێگایەك لەو ڕێگایانە تاوان ئەنجامبدات به مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێكی ئەو گروپانە، كە ڕەنگە هیچ كەسێكیش نەكوژرێت دەبێتە تاوانی جینۆساید. ئەمەش بۆ ڕێگریكردنە له ئەنجامدانی ئەو تاوانە.

**سێیەم/ مەبەست:** یەكێك له قورسترین ئەو ڕەگەزانەی كە له تاوانی جینۆسایددا سەلماندنی زۆر گرانەو كارێكە پێویستی به دادگا هەیە بۆ یەكلاییكردنەوەی ئەویش مەبەستی ئەنجامدانی تاوانەكەیە. بەو پێیەی له ڕێكەوتننامەی ڕێگەگرتن له تاوانی جینۆسایددا ئاماژەی پێكراوە، دەبێت

مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانە لەناوبردنی هەموو يان بەشێكی ئەو گروپە بێت، كە تاوانەكەی بەرامبەردەكرێت. كە ئەمەش خەسڵەتێكی تايبەت بە تاوانی جينۆسايد دەبەخشێت و لە تاوانەكانی تر جيايدەكاتەوە. شيكردنەوەو ئاشكراكردنی ئەم مەبەستەش كارێكە بە تەواوی ياساييەو دەكەوێتە سەر تواناوزيرەكيی لێكۆڵينەوە لەو تاوانە لە هەموو ڕووەكانەوە، چونكە لە زۆربەی تاوانەكاندا بە تايبەتی لە تاوانی جينۆسايددا كارێكی ئاسان نييە و پێوەرێكی دياريكراو بۆ دياريكردنی مەبەستی تاوانی جينۆسايد نييە.[14] بە تايبەتی بۆ هەريەكێك لەو گروپانەی كە لە ڕێكەوتننامەكەدا هەيە، بەڵام خاوەنی وڵاتێكی سەربەخۆ يان كيانێكی سەربەخۆی خۆيان نيين لەسەر ئاستی نێودەوڵەتيی. بەو هۆيەشەوە نە توانای پێكهێنانی دادگايەكيان هەيە لەسەر ئاستی ناوخۆ نە توانای ئەوەشيان هەيە داوای پێكهێنانی دادگايەكی نێودەوڵەتيی بكەن بۆ يەكلاييكردنەوەی ئەو تاوانە. بەوەی ئايا ڕەگەزەكانی تاوانی جينۆسايد بوونی هەبووە لەو تاوانەدا، يان نا؟ بە تايبەتيش مەبەستی تاوانی جينۆسايد.

**چوارەم/ تاوانبار:** پاشئەوەی كە تاوان لێكراوێك هەبوو، هەروەها يەكێك بوو لەو گروپانەی كە لە ڕێكەتننامەكەدا دياريكراوە و يەكێك لەو كارانەی بەرامبەر ئەنجامدراوە، كە لە مادەی دووەمی ڕێكەوتننامەكەدا ئاماژەی پێكراوە، دەبێت تاوانبارێكيش هەبێت كە ئەو تاوانەی ئەنجام دابێت. لەم كاتەدا بۆئەوەی لە ڕوانگەی ياساييەوە ئەو كەسەی تاوانەكەی ئەنجامداوە بەرپرسيارييەتی ياسايی بكەوێتە ئەستۆ ، دەبێت لەكاتی ئەنجامدانی تاوانەكەدا تەمەنی 18 هەژدە ساڵی تەواوكردبێت، بەلأم لە هەمانكاتدا دەبێت لەوە تێبگەين، كە مەرج نييە ئەنجامدەری تاوانی جينۆسايد دەوڵەت بێت، بەڵكو دەكرێت كەسی ئاسايی بێت. بەڵام بەرپرسيارييەتی لەسەر دەوڵەت دروست دەبێت، چونكە دەبێت دەوڵەت پلانی پێويست بگرێتەبەر بۆ ڕێگەگرتن و پاراستن لە ئەنجامدانی تاوانی جينۆسايد. بۆيە پێويستە لەم بارەيەوە بە تايبەت گرنگی بدرێت بە ياسای تاوانی نيشتيمانيی حكومەتەكان دەربارەی پرسی بەرپرسيارييەتی لە ئەنجامدانی تاوانی جينۆسايد، بۆ ئاگاداربوون لەوەی تا چەند ياساكانيان لەگەڵ پرسی جينۆسايد لەسەر ئاستی نيودەوڵەتيی گونجاوە. چونكە ئەگەرچی ڕێكەوتننامەی ساڵی 1948جێگای ڕەخنەی زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانانەوەی وەك خۆی لە ياسای تاوانی نيشتيمانييدا دەبێتە هۆی زامنكردنی لێكچواندنی بنەماكانی ياسای تاوانی نێودەوڵەتيی و بنەماكانی ياسای تاوانی نيشتيمانيی دەربارەی تاوانی جينۆسايد[15] نەتەوەی كورد بە درێژايی مێژوو بە تەنها خۆيان ململانێ دەكەن و لەپێناو بەدەستهێنانی مافەكانيان تێدەكۆشن. لەكاتێكدا لەلايەن ژمارەيەكی زۆر لە ديكتاتۆرەكانەوە بە تەواوی هەموو مافەكانی مرۆڤيان لێزەوتكراوە و تووشی كوشتنوبڕين بوون، هۆكاری ئەنجامدانی ئەو تاوانانەش بەرامبەر كورد تەنها ئەوە بووە، كە ژيانێكی تايبەت بەخۆيانيان ويستووە لەسەر خاكی خۆيان. بەهۆی ئەو تاوانە ترسناكانەوە كە چەندين بەڵگەی بەهێزی هەيە و دەيسەلمێنێت كە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی كورد ئەنجامدراون تاوانی جينۆسايدە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵپشتيی نێودەوڵەتيی بۆ پارێزگاريكردن لەو نەتەوەيە نييە. بەو هۆيەوە مليۆنان لە خەڵك لە هەموو چين وتويژەكان سەرەڕای خۆبەختكردنيان لە پێناو ئەوخاكەدا، وڵاتی خۆيان بەجێهێشتووە، هاوكات بۆ بەدەستهێنانی شوێنێكی ئارام ڕوويان لە وڵاتانی تر

کردووە. بۆیە کوردو ناسنامەکەی و نیشتیمانەکەی بەردەوام لەبەردەم هەرەشەدایە لەلایەن ئەو دەولەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. لە رابردوودا هەموو جۆرەکانی تاوان و کۆچپێکردنی بەزۆر و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و چەکی لەناوبردنی بەکۆمەڵی لەسەر تاقیکراوەتەوە[16].

ئەگەر لە روانگەیەکی مێژوویی سەیری ئەو تاوانانە بکەین کە بەرامبەر بەکورد لەهەر چوارپارچەی کوردستان ئەنجامدراون، بەشێکی زۆری ئەو تاوانانە دەچنە چوارچێوەی ئەو تاوانەی، کە لە رێکەوتننامەی رێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی لە ساڵی 1948 ناوی هاتووە و هەموو رەگەزەکانی تاوانی جینۆسایدی بە روونی بە سەردا دەچەسپێت، ئەویش بە تێروانینی گشیی ژیانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بەوەی کە لەگەڵ مادەی دووەم برگەی دووەمی ئەو ماددەیە یەکدەگرێتەوە و حوکمی دەکات. ئەمەش بەلگەی یاسایی دروستە و هیچ دادگایەك ناتوانێت نکوڵی لێبکات تەنها بەربەستەکە نەبوونی دادگایەکە، بۆیە لە ئێستادا پێویستمان بە دیاریکردنی ئەو بەربەستانە هەیە، کە بوونەتە رێگر لە بەردەم نەتەوەی کورد و پێکنەهێنانی ئەو دادگایەدا. بە تایبەتی ئەگەر بە دیاریکراوی ئەو تاوانانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەسەر دەستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق روویانداوە. وەك تاوانەکانی: (دژی فەیلییەکان، تاوانی دژی بارزانییەکان، تاوانی ئەنفال، تاوانی بەرامبەر یەزیدییەکان)، ئەمانە بەشێکن لەو تاوانە دیارانەی کە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان ئەنجامدراوە. چونکە سەرجەم پێوەرەکانی تاوانی جینۆسیدیان بەو پێوەرانەی کە پێشتر روونمان کردۆتەوە تێدایە. ئەگەرچی ئەم تاوانانە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقدا بە تاوانی جینۆساید لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا ناسێندراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم تاوانانە تاوانی نێودەوڵەتیین و کۆمەلگەی نێودەوڵەتیی بە تاوانی داناون، گرنگییەکەی لەوەدایە کە بتواندرێت ئەم تاوانانە وەك تاوانی جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بە فەرمی بناسێندرێن. واتە یان راستەوخۆ لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بریارێك دەربچێت، کە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراوە جینۆسایدە، یان لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندی نێودەوڵەتییەوە بریاردەرچێت و تاوانبارەکان سزای خۆیان وەربگرن و لە بەرامبەریشدا مافەکانی گروپی تاوانلێکراو کە کوردە دەستەبەربکرێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای لەسەر وەستان و هەڵوێستەکردنە ئەوەیە، کە بەهۆی رۆڵی نەرێیانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە تایبەتی بەرامبەر بە دۆزی کورد ، بۆتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە بەرەوپێشچوونی ناساندنی ئەم تاوانانە وەك تاوانێکی نێودەوڵەتیی وەك پێویست نەبێت و بەمەش ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە نایەوێت بە دەنگ کێشەی یەکێك لە گەورەترین گەلانی بێدەوڵەتەوە بچێت. ئەمەش بە بەراورد بەو کێشانەی ئەم رێکخراوە هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات و دەیکاتە تایبەتمەندیی رێکخراوەکە، کێشەی کورد دەبووایە لە پێشەوەی کاری ئەو رێکخراوە بووایە، چ لە رووی رەوایەتی یاسایی کێشەکە وەك کێشەی نەتەوەیەك، چ وەك گەورەیی و ترسناکی ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەو گەلە ئەنجامدراوە، ئەمەش نەك لەسەر گەلی کورد بەڵکو مەترسی لە سەر تەواوی مرۆڤایەتیی هەیە . چونکە ئەم رێکخراوە دەزانێت کە بۆ ماوەی زیاتر لە سەد ساڵە کوردستان و گەلەکەی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشبووە و

دەچەوسێندرێتەوە. ئەگەر دانیش بەو تاوانانەدا وەك تاوانی جینۆساید بندرێت، پێكهێنانی كیانێكی سەربەخۆ بۆ ئەم گەلە نابێتە هۆی لەناو بردنی پێكهاتەی دەوڵەتێك و نەتەوەیەكی تر، بەڵكو تەنها بە سەربەخۆیی لەسەر خاكی خۆی دەژی[17].

## 2. بەشی دووەم / بەربەستە ناوخۆیی و یاساییەكان لە بەنێودەوڵەتییكردنی تاوانەكانی دژی گەلی كورد

### 1.2. باسی یەكەم / بەربەستە ناوخۆییەكان لە بەنێودەوڵەتییكردنی تاوانەكانی دژی گەلی كورد.

بۆ تێگەشتن لە بەربەستە ناوخۆییەكان دەبێت لە سەرەتادا لە كێشەناوخۆییەكانی كورد تێبگەین. كێشە ناوخۆییەكانی هەرێمی كوردستان بە چەندین قۆناغدا تێپەریووە بەدرێژایی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق و لەهەر سەردەمێكدا جۆرێك لە كێشە بۆ ئەم گەلە درووستكراوە و بووەتە كێشەیەكی سەرەكیی ناوخۆیی و لە بەرامبەریشدا لێكەوتەی خراپی لێكەوتووەتەوە. لەوانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی پەراوێزخستنی ئەو تاوانانەی كە بەرامبەر بەگەلی كورد ئەنجامدراوە بۆ ناساندنی وەك تاوانی جینۆساید. كە ئەتوانین ئەم كێشانە بەسەر دوو قۆناغدا دابەشبكەین؛ قۆناغی پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و قۆناغی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس. ئەو كێشە ناوخۆییانەی كە لە دوای ڕاپەرینی ساڵی 1991 ڕووبەڕووی گەلی كورد بووەتەوە، ئەوەیە كە بەهۆی یەكریزنەبوونی گەلی كوردەوە بە تایبەت ئەو شەڕە ناوخۆییانەی كە كوردستانی گرتەوە، ئەوەی كە بەشێوەیەكی زۆر خراپ پەراوێزدەخرا ئەوەبوو كە هیچ كاتێك نەدەتواندرا لەسەر ئاستی هەموو كوردستان كار بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانە بكرێت كە ئەنجامدرابوون بەرامبەر بەگەلی كورد، بەڵام ئەمەش نەك بەو واتایەی كە ئەگەر كورد یەكریز بوایە بەربەستە نێودەوڵەتییەكان نەدەمان، بەڵكو دەكرا بە هەوڵێكی باشتر بیر لەچۆنییەتی سەركەوتن بەسەر ئەو بەربەستانەدا بكرایەتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە دروستكردنی ئەو جۆرە شەڕانە هۆكاربوون بۆئەوەی ژیانی خەڵكی بخەنە بارودۆخێكەوە كە ببێتە هۆی لەناوبردنیان. كە ئەمەش جۆرێكە لەو پلانانەی كە ئەو دەوڵەتانەی كوردستانیان بەسەردا دابەشكراوە بۆ لەناوبردنی گەلی كورد بەو ڕێگەیە. بۆیە بەهۆی ئەم كێشانەوە پرسەكانی تری پەیوەست بەم تاوانانەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ لە هەوڵدان بۆ چارەسەری گرفتە كۆمەڵایەتیی و دەروونییەكان و هاوكاری ماددیی كەسوكاری قوربانیانی ئەم تاوانانە، لە كوردستاندا پشتگوێخران و دامەزراندنیان لەسەر كاروپیشە و هەوڵدان بۆ هۆشیاركردنەوەیان ئەنجامنەدرا. هەموو ئەمانە بەشێكن لەوكێشە ناوخۆییانەی كە لێكەوتەی زۆر خراپیان لێكەوتووەتەوە ونەتوانراوە ئەم تاوانانە والێبكرێت ببێتە پرسی نەتەوەیەك بەگشتی[18]. بە پێچەوانەوە هۆكاربوون بۆ لەدەستدانی خۆشەویستی نیشتیمان و بەجێهێشتنی و لەبیرچوونەوەی ئەو تاوانانە، كە ئەمەش دەرئەنجامی خراپی ئەو كێشانە بووە كە بەرۆكی كوردی گرتووە و كوردیش نەیتوانیوە خۆی لە تەواوی ئەو كێشانە دەربازبكات. ئەگەرچی دەسەڵاتی ناوخۆیی بە تەواویی لەدەستی كورد خۆیدا بووە و دەتوانرا هەوڵەكان بۆ كۆكردنەوەی تەواوی تواناكان و دەربازبوون لەو كێشانە و گەیاندنی ئەم كێشانە بە ناوەندەكانی جیهان كە بەرپرسن لەو كارە زۆر باشتر بكرایە.

بۆ بەنێودەوڵەتیكردنی ئەم تاوانانە وەك تاوانی جینۆساید چەندین بەربەست لە بەرامبەر هەر نەتەوەیەكدا هەیە، كە پێویستە ئەو بەر بەستانە تێپەڕێنێت، تا بتوانێت لەو دەرگایانە بدات كە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیی بەرپرسن بۆ بە نێودەڵەتییكردنی ئەمجۆرە تاوانانە. جا ئەم هەنگاوانە لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەكی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، چونكە زۆرن ئەو هۆكارانەی كە دەوری سەرەكیی دەبینن لە بەرەو پێشبردنی یان نەبردنی ئەو جۆرە تاوانانەدا، بەڵام لێرەدا ئێمە مەبەستمانە كێشە ناوخۆییەكانی گەلی كورد وەك بەربەستێك شیبكەینەوە ، یەكێك لەو كێشە سەرەكییانەی كە بە درێژایی مێژووی دوای ڕاپەرین ڕووبەڕووی تاكی كورد بووەتەوە ئەوەیە، كە بە هۆی كێشە ناو خۆییەكانەوە نەتوانراوە هەستی نەتەوەیی پێویست درووستبكرێت لە بەرامبەر ئەو تاوانانەدا كە لە مێژووی حكومەتی عێراقدا لە دوای جەنگی جیهانیی یەكەمەوە چەندین تاوانی نێودەوڵەتیی بەرامبەر بەگەلی كورد ئەنجامدراوە. ئەمەش هۆكارێكی بنەڕەتییە بۆ پەراوێزخستن و گشتگیرنەبوون و نەچوونەپێشەوەی وەك پێویست لە سەر ئاستی ناوخۆی كوردستان، كە لە بنەڕەتدا ئەركی حكومەتە و پاشان سەرجەم ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی كە تایبەتن بە كاركردن لەو بوارەدا، كە هەرچی پێویستە ئەنجامی بدەن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هەستی نەتەوایەتی گەلەكەی لە بەرامبەر ئەو تاوانانەدا، چونكە ئەو جۆرە تاوانانە پێویستی بە كاركردنی بەردەوام هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش پاڵپشتی تەواوی نەتەوەی كوردی پێویستە، بۆیە مەرجێكی بەردەوام بوون و كاركردن لەسەر بە جینۆسایدناساندنی ئەو تاوانانە بەرزی هەستی نەتەوایەتییە [19]. هەر لەم ڕووەشەوەیە، توێژەر پێیوایە كە ئەمە دۆزێكی گرنگی نەتەوەی كوردە و لەژێر هیچ پاساوێكدا نابێت پشتگوێبخرێت و كاری لەسەر نەكرێت، بە تایبەتی لەو ڕوانگەیەی كە تاوانی جینۆساید بۆئەوەی لە ئایندەدا ڕوونەداتەوە بەرامبەر بەو گەلە دەبێت هەمووكات لەسەر ئاستی ناوخۆ لای هەموو تاكەكانیی ببێتە هەستێكی نەتەوایەتیی. جا ئەگەر پێش بە نێودەوڵەتییكردنی بێت یان پاش بە نێودەوڵەتییكردنی بێت، چونكە سەرەڕای بەدەستهێنانەوەی سەرجەم مافەكانی نەتەوەی كورد وەك گروپێكی جینۆسایدكراو ، ئامانجێكی گرنگتر لەوەش ئەوەیە كە جارێكی تر ئەم گەلە تووشی تاوانی جینۆساید نەبێتەوە، بەوەی كە دەبێت كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بیپارێزێت. چونكە ئەو تاوانانەی كە ڕووبەروی گەلی كورد بووەتەوە تاوانگەلێكی ترسناكن نەك تەنها بۆ گەلی كورد بەڵكو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. كە گومانی تێدا نییە لەهەر چوار پارچەی كوردستان (باشور، باكور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) كورد ڕووبەڕووی جینۆساید بووەتەوە و بووەتە هۆی زیادبوون و فراوانبوونی كێشە ناوخۆییەكانیی، بە جۆرێك كە نەتوانێت كار لەسەر یەك تاوانی دیاریكراو وەك كەیسێكی یاسایی بكات. لەوانە لە كوردستانی باشوردا لەسەر دەستی حكومەتی عێراقیی جگە لە دەربەدەركردنی سەدان هەزار خێزان لە شاروشارۆچكەكانی كەركوك، خانەقین، موسڵ، شەنگال، بەدرەوجەسان، خورماتوو، مەخموور و تێكدان و ڕووخاندنی هەزاران گوند، كە دەتوانیین ترسناكترینی ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی كورد ئەنجامدراوە لەم تاوانانەدا دیاریبكەین؛ ئەنفال و جینۆسایدكردنی بارزانییەكان لە ساڵی 1983 كە زیاتر لە 9000 هەزار كەسیان لێ جینۆساید كرا، جینۆساید و دەربەدەركردنی كوردانی

فەیلی کە بە 700 هەزار کەس ئەژمارکراون، کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە کە یەکێکە لەو تاوانە ترسناکانەی لە مێژوودا کەم وێنەیە بەوەی، کە چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتێکەوە دژی دانیشتوان و گەلی خۆی بەکاربهێنێت، کە تێیدا بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە 5000 هەزار هاووڵاتی و کەمئەندام کردنی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەو شارە کە تائێستاش شوێنەوارەکەی هەرماوە لەسەر خەڵك و دانیشتوانی ئەو شارە[20]. یەکێکی تر لەو تاوانانەی کە بە جۆرێك کوردی لەناوبرد و خەڵکەکەی تووشی لەناوبردنی بەکۆمەڵ کردەوە شاڵاوەکانی ئەنفال بوو لە ساڵی 1988 دا کە لەو تاوانەدا 182 هەزار مرۆڤ زیندەبەچاڵکران و کوژران، کە ئەم تاوانە تەنها ناوەستێت لە سنوری کوشتن و لەناوبردندا، کە یاسای نێودەوڵەتیی بە تاوانی جینۆسایدی دانابێت، بەڵکو تەواوی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تریش لەم تاوانەدا بەدیدەکرێت. کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی تێدا پەیرەودەکرا هەر بەدەستدرێژی بۆسەر نەفسییەتی تاکی کورد تاکو لەناوبردن و نەهێشتنی هیچ جۆرە متمانەیەك لەناو گەلی کوردا، بە جۆرێك بەکارهێنانی کورد بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە لە دژی خۆیان هەنگاوێکی مەترسیداربووە بۆ لێکهەڵوەشاندنی کۆمەڵی کوردیی و ئەو ئامانجەشی پێکاوە بە جۆرێك کە تا ئێستا کاریگەریی لەسەر کورد و بەرەوپێشچوونی دۆزەکەی هەیە. لەسەر ئاستی ناوخۆ هۆکارێکە لەو هۆکارانەی کە توانیویەتی بناغەی کۆمەڵی کوردەواریی لەرزۆك بکات و کورد لەناوخۆیدا متمانەی بەخۆی کەم ببێتەوەو هۆکارێکی سەرەکیش بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ترسوتۆقاندن بۆ لە دەستدانی کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی و ملکەچپێکردنی بۆ دەسەڵاتی زۆرداریی کە دواجار توانەوەی یەکجارەکی نەتەوەکەیە لەناو نەتەوەکانی تردا کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی تاوانی جینۆسایدە[21]. هەروەها تاوانی دژی یەزیدییەکان، کە لەلایەن ڕێکخراوی داعش لە ڕۆژی 2014/8/3 ئەنجامدرا و تیایدا هێرشکرایە سەر ناوچەکانی شەنگال و داگیریانکرد، تا ئەمڕۆش بە هەزاران شەنگالیی چارەنووسیان نادیارە و ژمارەیەکی زۆریان بە کۆمەڵ کوژراون و تا ئێستاش ئاماریان بەتەواوەتی نازانرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو کەسانەی لەو تاوانەدا بێسەروشوێنن نزیکەی (7000) حەوت هەزار کەسن بە هەموو تەمەنە جیاوازەکانەوە. کە ئەمەش یەکێکە لەو تاوانانەی لەسەردەمی ئەمڕۆدا ڕویداوە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرجەم هۆکارەکانی ئەنجامدانی دەزانێت و خەسڵەتەکانی تاوانی جینۆسایدی بە تەواوی تێدا بەرجەستەیە[22]. ئەگەرچی ئەم تاوانانە کە بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامدراون مێژووەکەیان بەسەر دوو قۆناغدا دابەشدەبێت؛ قۆناغی پێش ڕاپەرین و سەردەمی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و قۆناغی دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس ، کە سەرجەمی ئەم تاوانانە لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە ئەویش ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدە بۆ لەناوبردنی سەرلەبەری نەتەوەی کورد و پاکتاوکردنی ڕەگەزی ئەم نەتەوەیە لەسەر خاکەکەی خۆی. بۆیە سەرەڕای ئەنجامدانی تاوانەکە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد بەردەوام بوونی ئەم تاوانانە و ئەنجامدانیان لەماوەیەکی مێژوویی کورتدا، وایکردووە بەردەوام کورد کێشەی ناوخۆیی هەبێت و بەردەوام بە دەوری کێشەکانی خۆیدا بخولێتەوە و دەربازینەبێت و نەتوانێت کار لەسەر یەکێك لەو تاوانانە بکات و بەردەوام لەژێر هەڕەشەی تاوانی جینۆسایددا بووە. بۆیە کێشە ناوخۆییەکانی گەلی کورد هەندێکیان لە ژێر ویست و ئیرادەی خۆیدایە و بەشێکیشی لە

دەرەوەی ئیرادەی خۆیدایە و بەردەوام بەسەریدا دەسەپێندرێت، لە چوارچێوەی ئەو پلانانەی کە هەیە بۆ جینۆسایدکردنی نەتەوەکەی لەسەر خاکی کوردستانی باشور لەلایەك و لەسەر خاکی هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورەش لەلایەکی ترەوە. چونکە نەتەوەی کورد بەهۆی ئەو پەیوەندییە نەتەوەیی و خاکیی و ڕۆحییەی کە لە نێوان هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا هەیەتی ، هەمووکاتێك ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لەهەر بەشێك لە بەشەکانی کوردستان دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیووەندی پارچەکانی تری کوردستان لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی ئەنجامداوە و لە کۆتاییشدا جارێکی تر کێشە بۆ کورد دروست دەبێت و دەبێتە زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاو و تەواوی کێشەکانی هەموو کوردستان دەبێتە یەك کێشەی نێودەوڵەتیی، ئەمەش بەردەوام وایکردووە، کە کورد نەتوانێت ئەم بابەتە بگەیەنێتە ئاستی خۆی و لەسەر ئاستێ نێودەوڵەتیی کاری لەسەر بکرێت. لەبەرئەمانە کورد پێویستی بە تێکشکاندنی سەرجەم ئەو بەربەستە ناوخۆییانە هەیە و دەبێت تێپەڕێندرێت تا وەك بەربەستێکی یاسایی هیچ کات لە دژی ئەم نەتەوەیە بەکارنەهێندرێت.

## 2.2. باسی دووەم / بەربەستە یاساییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژی گەلی کورد.

تاوانی جینۆساید یان ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی، کە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە بۆ دەبێت هەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی کورد و خاکەکەی بمێنێتەوە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی پشتگوێبخرێت؟ لێرەدا بەربەستی یاسایی هەیە ئەم بەربەستانەش هەندێکیان ناوخۆیین و هەندێکیشیان نێودەوڵەتیین.

**یەکەم: بەربەستە یاساییە ناوخۆییەکان:**

هەرتاوانێك کە ڕوودەدات دەبێت یاسایەك هەبێت، کە ئەوکارەی ب ەتاوان دانابێت و سزاکەشی دیاریکردبێت، بەڵام بۆ دەبێت نەتەوەی کورد یاسایەکی لەبەردەستدا نەبێت، کە بە هۆیەوە کار لەسەر ئەو تاوانە وەك تاوانێکی نێودەوڵەتیی بکات؟ ئێمە دەبێت لەوە تێبگەین کە هەر یاسایەك دەردەچێت گشتییە؛ لەوانە ڕێکەوتننامەی ساڵی 1948 بۆ بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانیی. کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی تر دەتوانێت سوودی لێ ببینێت، بەڵام بەربەستێکی ناوخۆیی هەیە بۆ گەلی کورد، کەوا دەکات کورد نەتوانێت وەك پێویست کار لەسەر ئەو ڕێکەتننامەیە کە بووەتە سەرچاوەیەك بۆ یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی بکات.

کورد و خاکەکەی دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی دراوسێدا، ئەگەر دەوڵەتی عێراق بەنمونە وەربگرین ، بەربەستی یاسایی ناوخۆیی بۆ گەلی کورد لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، چەندین تاوانی دڕندانەی نێودەوڵەتیی بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامدراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمیی لە چوارچێوەی عێراقدایە، هاوکات چارەسەرنەکردنی کێشەی سەرەکیی کورد وەك کیانێکی سەربەخۆ بووەتە بەربەستێکی یاسایی و هەرکات حکومەتی عێراق مەبەستی بێت دەتوانێت بیگەیەنێتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام بەهۆی نکوڵیکردنی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە ماڤێ گەلی کورد، کێشەی کورد هەمیشە کێشەی سەرەکی حکومەتەکانی عێراق بووە.

هەرکاتێکیش ئامانجی بووبێت جینۆسایدی کردووە، بۆیە نەبوونی کیانێکی یاسایی سەربەخۆ بووەتە بەربەستێکی یاسایی لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و ناتوانێت سنوری دەوڵەتی عێراق تێپەڕێنێت. [23] بەو پێیەی کە دەوڵەتی عێراق نوێنەری تەواوی خاکی عێراقە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە و دەوڵەتێکیش کە خۆی تاوانێکی ئەنجامدابێت هەرگیز بەربەستە ناوخۆییەکان ناشکێنێت بۆئەوەی بگاتە دەرەوەی ئەو دەوڵەتە و پرسەکە بەنێودەوڵەتییبکرێت. بۆیە کێشەی کورد بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کێشەی سەرەکیی هەموو حکومەتەکان بووە، بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش ئەم هاوکێشەیە هەر ڕاستەو کورد بە بەردەوامی کێشەی سەرەکیی ئەو دەوڵەتانەی تریش بووە. بۆیە بەربەستی ناوخۆیی کێشەی کورد ئەو دەوڵەتانەیە، کە بەسەریدا دابەشبووە ئەمەش بووەتە بەربەستێکی یاسایی لەسەر ئاستی ناوخۆ.

هەڵکەوتەی شوێنی هەر پارچەیەکی کوردستان لەدوای دابەشکردنی بەسەر هەرچوار دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا وایکردووە کە تاوان ئەنجامدان و شاردنەوەی تاوانەکە بەرامبەری ئاسان بێت و لە بەرامبەریشدا هەموو بەربەستێك بۆ ڕێگریکردن لە گەورەکردنی تاوانەکە و گەیاندنی بەکۆمەڵی نێودەوڵەتیی دادەنرێت. کە ئەمەش بووەتە بەربەستێکی ناوخۆیی، هەروەها کاتی ئەنجامدانی تاوانەکان ڕۆڵیان لەسەر کورد وەك نەتەوەی تاوان لێکراو هەیە. بە جۆرێك بەشێکی ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە کورد لە کوردستانی باشوردا ئەنجامدراوە لە کاتی جەنگی عێراق و ئێراندا بووە و نە کات و نە شوێنیش لەو کاتەدا بۆ کورد گونجاو نەبوونە. هەربۆیە دەبینین کەمترین ڕەنگدانەوەی نێودەوڵەتیی سەبارەت بەو تاوانانە هەیە، چونکە لەڕووی کاتەوە کورد بە تەواوی ژێردەستە بووە بە بەراورد بەو تاوانانەی کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامدراوە[24].

هەرێمی کوردستانی عێراق وەك خاوەن حکومەتێکی سەربەخۆ خاوەنی ڕاگەیاندنێکی فراوانەو لەبەرەوپێشچونێکی گەورەدایە لەو بوارەدا، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە چۆنییەتی کارکردن لەگەڵ پرسی جینۆسایدی گەلی کورد بەگشتی و بۆ لایەنەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی، نەتوانراوە زانستییانە لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە لەسەر بەنەتەوەیی کردن و بەرەوپێشبردنی ئەم پرسە کاربکرێت، تا لەو ڕێگەیەشەوە ببێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەهەموو ئاستەکاندا، چونکە ڕاگەیاندن دەسەڵاتێکی بەهێزەو بۆ هەر بابەتێك کە بە پێویستی بزانن دەتوانن ئامانجی خۆیان بەباشی بپێکن.

**دووەم: بەربەستە یاساییە نێودەوڵەتییەکان:**

بۆ ڕوونکردنەوەی بەربەستە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانە ئەنجامدراوەکان دژی گەلی کورد، دەبێت بۆ چەند لایەنێکی دیاریکراو بگەڕێینەوە.

### یەکەم: ڕێکەوتننامەی ساڵی 1948ی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانیی:

کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەوڵیدا بۆ بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید ، بەڵام ئەم ڕێکەوتننامەیە نەیتوانی ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامنەدانی ئەم تاوانە بە تایبەت دژی گەلی کورد، کە لەدوای چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە ترسناکترین تاوانی جینۆساید بەرامبەر بەگەلی کورد ئەنجامدراوە. ڕێکەوتننامەی

ساڵی 1948، كە لە 19 مادده پێكهاتووه و لە ماددەی یەكەمدا جەخت لەوە دەكاتەوە كە تاوانی جینۆساید دەكرێت لەكاتی جەنگدا ڕوودات یان لەكاتی ئاشتییدا [25]كە ئەمەش یەكێكە لەو ماددانەی كە كورد دەتوانێت لەسەر ئاستی بەشەكانی تری كوردستان بە ڕوونی ببینێت، ئەمەش نەك تەنها لەكاتی جەنگدا، بەڵكو لەكاتی ئاشتییشدا تاوانی جینۆساید بەردەوامە و هەموو خەسڵەتەكانی تاوانی جینۆساید بوونیان هەیە. وەك لە (پێشتردا ڕوونكراوەتەوە)، لە ماددەی دووەمدا پێناسەی تاوانی جینۆساید دەكات و ئاماژە بەو گروپانە دەكات، كە ئەگەر هەریەكێك لەو كارانەی بەرامبەربكرێت كە لەوماددەیەدا ڕوونكراوەتەوە بە تاوانی جیۆساید هەژماردەكرێت. (گروپەكانیش پێشتر ڕوونكراوەتەوە)، پاشان ئەم ڕێكەوتنامەیە لەماددەی سێ دا ئەوە دیاریدەكات كە ئەم كردەوانەش سزای تاوانی جیۆسایدیان لەسەرە، واتە ئەگەر هەركارێك لەو كارانە ئەنجامبدات، ئەوا ئەو لایەنە بە ئەنجامدەری تاوانی جیۆساید دادەنرێت. كە ئەوانیش؛ (ئەنجامدانی تاوانی جیۆساید، پیلاندانان بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، هاندانی ئاشكراو ڕاستەوخۆ بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بەشداریكردن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید) ئەوەی ئێمە مەستمانە بۆ ئەم توێژینەوەیە لەم سێ ماددەیەوە شیكاری یاسایی دەكەین، بەڵام بۆ بینینی تەواوی ماددەكانی ڕێكەوتننامەكە دەتوانین سودببینین لە ڕێكەوتننامەی ساڵی 1948 [26].

لێكدانەوەی لایەنەكانی ئەم ڕێكەوتننامەیە و كارپێكردنی دوو لایەنەیە، لە لایەكەوە خستنەبواری جێبەجێكردن و كاركردن لەسەر ئەنجامنەدانی تاوانی وەك جینۆساید بۆ مرۆڤایەتیی گرنگە و نەك تەنها بۆ نەتەوەیەكی دیاریكراو، بەلاّم ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوێستە لەسەر كردنە ئەگەر ئێمە لە چوارچێوەی توێژینەوەكانماندا وەك بەربەستێكی یاسایی نێودەوڵەتیی سەیری ئەم ڕێكەوتننامەیە بكەین دەتوانین تشیك بخەینە سەر چەند بەشێكی گرنگ لەم ڕێكەوتننامەیە ئەویش ئەوەیە كە:

ئەم ڕێكەوتننامەیە بۆ ئەو نەتەوانەی كە خاوەنی كیانێكی سەربەخۆ نیین میكانزمێكی ئاشكرای دیارینەكردووە، تا لە ڕێگەیەوە بتوانن پرسەكانی تاوانی جینۆساید كە بەرامبەریان ئەنجامدراوە بۆ بەردەم دادگایەكی تایبەتمەندی نێودەوڵەتیی بەرزبكەنەوە. ئەمەش وادەكات ئەم نەتەوانە نەتوانن داواكانیان بەشێوەیەكی ڕەوا بگەیەنن و بەردەوام بە ڤەتیسكراوی بۆ چەندین ساڵ دەمێننەوە و ئەمەش بۆتە بەربەستێكی یاسایی نێودەوڵەتیی لەبەردەم ئەو نەتەوانەدا. ئەگەرچی وەك كورد لە كوردستانی باشوردا تەواوی ئەو تاوانانەی كە كورد داوای بە جینۆساید ناساندنیان دەكات دەچنە چوارچێوەی بنەماكانی ئەم ڕێكەوتننامەیەوە، بۆیە لە داڕشتنی خودی یاساكەدا بەربەستی یاسایی هەیە و خۆی دەبینێتەوە لە بێبەشكردنی ئەو نەتەوانەی كە ژێردەستەن و خاوەنی كیانێكی سەربەخۆی خۆیان نیین. ئەمە لە كاتێكدا بەشێك لە دەوڵەتە زلهێزەكان لە پێشێلكردنی بەندێك لە بەندەكانی ئەو ڕێكەوتننامەیە بە تاوانی جینۆساید بەشداردەبن، لەو بارەدا گرتنە بەری ڕێكاری پێویست لە دژی ئەو دەوڵەتانە پشتگوێخراوە، یان ڕوونتر بڵێین هیچ شێوازێك بۆ سزادانی ئەو دەوڵەتانە لەبەرچاونەگیراوە. ئەو دەوڵەتانە خۆیان لە چۆنییەتی جێبەجێكردنی ئەو ڕێكەوتنامەیەدا بالاّدەستن. بەو پێیەی كە ئەنجومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتیی دەبێت بڕیاربدات لەسەر پێكهێنانی

دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتیی بۆ هەرتاوانێك کە بەپێویستی بزانێت بەتایبەت بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندام نین لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی، یان هەر خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نین، جا لە کاتێکدا ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بەهۆی بوونی مافی (ڤیتۆ) هەر کاتێك یەکێك لەو دەوڵەتانە تاوانی جینۆساید ئەنجامبدات وە یان بەپێی ماددەی سێی ئەو ڕێکەوتننامەیە یەکێك لە بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەی بەسەردا جێبەجێببێت. هەموو کات دەبنە ڕێگر لە دانانی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتیی بۆ هەر تاوانێك کە مەبەستیان نەبێت، چونکە ئەگەر هەر یەکێك لە بەندەکانی ئەو ماددەیەی بەسەردا جێبەجێببێت وەك لایەنی ئەنجامدەر بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆیە بۆ ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراوە، بەشێك لەو دەوڵەتە زلهێزانە بەر ئەو ماددەیە دەکەون و بە ئەنجامدەری تاوانی جینۆساید دادەنرێن، لەبەرئەوە بوونەتە بەربەستێك لەبەردەم بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراوە[27].

**دووەم: دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی:**

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵی نێودەوڵەتیی خاوەنی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتییە کە لە 1998/7/17 دامەزراوە و کارەکانی لە 2002/7/1وە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و هەر تاوانێکیش لەدوای ئەو ڕێکەوتەوە ئەنجامدرابێت و لە چوارچێوەی بنەماکانی دادگاکەدا بێت دەچێتە تایبەتمەندی دادگاکەوە، ئەوەش بە پێی ماددەی (11)ی دادگاکەیە کە بارەگاکەی لە هۆڵەندا، لە شاری لاهایەو بنەماکانی ئەم دادگایە لە 128 ماددە پێکهاتووە. یەکێك لەو تاوانانەی دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیی ئەم دادگایەوە بەپێی ماددەی (5)ی ئەم دادگایە تاوانی جینۆسایدە[28]، بۆ بڕیاردان لەسەر هەر تاوانێکیش وەك تاوانی جینۆساید لە بەندی (6)ی ئەم دادگایەدا ئاماژەی پێکراوە کار بە پێناسەی تاوانی جینۆساید دەکات. کە لە ڕێکەوتننامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆسایدا هاتووە و بووەتە یەکێك لە ماددەکانی ئەم دادگایە[29]، بەڵام بەپێی بنەماکانی ئەم دادگایەش کۆمەڵێك بەربەستی یاسایی لەبەردەم گەلی کوردا هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت داواکاریی خۆی بگەیەنێتە ئەم دادگایە، ئەویش ئەوەیە کە بەپێی ماددەی (13) بڕگەی (3)ی ئەم دادگایە[30] ئەو دەوڵەتانەی کە تاوانی جینۆسایدەکە لە هەرێمەکەیدا ڕوویداوە، یان ئەنجامیداوە دەتوانن کێشەکانیان بگەیەننە ئەو دادگایە.کە ئەمەش بۆ کورد بەربەستێکی ئاشکرایە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە، بەربەستێکی تر ئەوەیە، کە ئەنجامدەری تاوانەکە یان ئەوەی تاوانەکەی بەرامبەر کراوە هەڵگری جنسیەی یەکێك لەو دەوڵەتانە بێت، کە لەو دادگایەدا ئەندامن، ئەویش بەپێی ماددەی (12) بڕگەی دووەمی خاڵی (2) وەیان بۆئەوەی دەسەڵاتەکانی داگاکە بگاتە سنوری ئەو دەوڵەتەی تاوانەکەی تیا ئەنجامدراوە، ئەندامی ئەودادگایەش نەبێت دەتوانێت بەپێی هەمان ماددە بڕگەی (3) تەنها دەسەڵاتەکانی دادگا پەسەندبکات بۆ سەیرکردنی تاوانێکی دیاریکراو کە لە هەرێمی وڵاتەکەیدا ڕوویدابێت[31] بەڵام ڕوودانی تاوانەکە لە دوای 2002/7/1 ڕویدابێت. کە ئەمانەش هەمووی بەربەستی یاسایی نێودەوڵەتیین لەبەردەم بەنێودەوڵەتییکردنی تاوانی جینۆساید بۆ گەلی کورد، کە لەم دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتییەدا بوونی هەیە. ئەگەرچی ئەم دادگایە سەربەخۆیە و جیاوازە لە ڕێکخراوی نەتەوە

یەکگرتووەکان، بەڵام دادگاکانی تاوانکاریی نێودەوڵەتیی، کە یەکێکن لە دامەزراوە دادوەرییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەپێی ماددەی (13) بڕگەی (ب) ی ئەم دادگایەو بەشی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر خاکی چەند دەوڵەتێك ئەم دادگایە دامەزراو تاوانە ئەنجامدراوەکان وەك تاوانی جینۆساید تێیدا سەلمێنران[32].

### سێیەم: پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان:

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1945/10/25 لە سانفرانسیسکۆ لە ئەمریکا دامەزرا و ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان بوون بونە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا[33] کە ئەمەش لە کاتێکدایە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمە، بەڵام دروستبونی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەو گەلانەی کە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان نەبوون و کەسایەتییەکی نیودەوڵەتیی سەربەخۆیان نەبوو، کێشەکانیان بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و ئاسۆیەکی ڕوون لەبەردەمیاندا نەبووە، بەوەی کە ئەم ڕێکخراوە چۆن ئەو نەتەوانە دەپارێزێت لە کاتێکدا بەپێی مادەی 51 ی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم ڕێکخراوە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا دەکات[34] ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لە دوای دامەزراندنییەوە، ڕێکەوتننامەی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی پەسەندکرد، هەروەها دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیی دامەزراند. بەڵام لە هیچ کام لەمانەشدا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت ناتوانێت بەرگریی لەخۆی بکات و نەتەوەیەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵدا نابەستێت. بۆیە ئەگەر ئەو بەربەستانە نەمێنێت و کورد بە بڕیارێکی نێودەوڵەتیی ئەو تاوانانەی کە بەرامبەری کراوە بە جینۆساید ناسێندرا ئەوکاتە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی هەروەك چۆن بە بڕیاری 688 لە 1991/4/5 کە دەریکرد بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستانی باشور لە پاش کۆڕەوە گەورەکەی گەلی کورد و دانانی هێڵی (36) و ناوچەی دژەفرین[35] ئەنجومەنی ئاسایش بەهۆی گەورەیی و ترسناکی تاوانی جینۆسایدەوە کە ئەنجامدراوە بەرامبەر بە گەلی کورد و کاریگەرییەکەی لەسەر ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پابەنددەبێت بە فراوانکرنی بڕیاری 688 و پاراستنی تەواوی خاکی هەرێمی کوردستان. لەپاش ئەوەش کورد مافی خۆیەتی بەپێی بڕگەی دوو ماددەی یەك لەڕێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە دەڵێت: ((گەشەپێدانی پەیوەندی هاوڕێیانەی نێوان نەتەوەکان لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی پرەنسیپی یەکسانی نێوان گەلان و مافی چارەی خۆنووسین وگرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێك بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە جیهاندا))[36] داوای ماڤ چارەی خۆنووسین بکات و پاشان هەنگاوبنێت بەرەو سەربەخۆیی و بوونی جوگرافیا و دەوڵەتی سەربەخۆ بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بەرامبەر نەتەوەی کورد بۆئەوەی بەشێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ ماڤ بەرگریی ڕەها بەدەستبهێنێت و ڕاستەوخۆ وەك ئەندامێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی جیهان، وەك دوو پرەنسیپی ئەساسیی نەتەوەیەکگرتووەکان تێبکۆشێت و لەهەمانکاتیشدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی لەلایەکەوە وەك قەرەبووی ئەو تاوانانەی لە ڕابردوودا بەرامبەر بەکورد ئەنجامدراوە دەیپاریزێت

و لەلايەكى تريشەوە وەك هەر دەوڵەتێكى ئەندام بەپێى ماددەى (39)ى بەشى حەوتەمى ڕێكخراوى نەتەوەيەكگرتووەكان لە كاتى بوونى هەر هەڕەشەيەك بۆ سەر ئاسايش و ئاشتى جيهان، ئەنجومەنى ئاسايش دەتوانێت پلانى پێويست بگرێتەبەر بەپێى ئەوەى كە لە هەريەكێك لە ماددەكانى (41و42)ى هەمان ڕێكەوتننامەدا هاتووە[37].

## ئەنجام

ئەو ئەنجامانەى كە لەم توێژينەوەيەوە پێيدەگەين بە جۆرێكە، كە بەشێك لەو بەربەستانە ياساين و بەشێكى تريان لە دەرەوەى چوارچێوەى ياسادان و بەربەستى سياسيى، جوگرافيى ، ئابوريين، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەربەستانە لەسەر ئاستى ناوخۆ و لەسەر ئاستى نێودەوڵەتييش بوونيان هەيە. لێرەدا بە شێوەيەكى زانستيى بەربەستەكان لەم لايەنانەى خوارەوەدا دەركەون:-

**1**- كەموكورتى ڕێكەوتننامەى بەربەندكردنى تاوانى جينۆسايد و سزادانى ئەنجامدەرانى ساڵى 1948 لە دياريكردنى ڕێكاريى پێويست بۆ ئەو نەتەوانەى كە خاوەنى كيانێكى سەربەخۆى خۆيان نيين و تاوانى جينۆسايديان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت. ئەويش بەهۆى ئەو بەربەستانەى كە لە بەندەكانى ئەم ڕێكەوتننامەيەوە بەديدەكرێت بە تايبەتى ماددەى (6) ى ئەم ڕێكەوتننامەيە، كە باس لە چۆنييەتى پێكهێنانى دادگا دەكات بۆ تاوانى جينۆسايد. كە لە هيچ بارێكياندا كورد ناتوانێت ئەو ئامانجەى كە هەيەتى بۆ بە نێودەوڵەتييكردنى ئەو تاوانانەى كە بەرامبەرى ئەنجامدراوە وەك تاوانى جينۆسايد سوودى لێببينێت. لەكاتێكدا ئەم توێژينەوەيە ئەوە دەردەخات كە تەواوى خەسڵەتەكانى تاوانى جينۆسايد بەپێى ئەو ڕێكەوتننامەيە لەو تاوانانەى كە بەرامبەر كورد ئەنجامدراوە بوونيان هەيە، ئەم ڕێكەوتننامەيە نەيتوانيوە و ناتوانێت ڕێگە لە ئەنجامدانى تاوانى جينۆسايد بگرێت. ئەويش بە گەڕانەوە بۆ ئەو تاوانى جينۆسايدانەى كە لەدواى چوونە بوارى جێبەجێكردنى ئەم ڕێكەوتننامەيەوە ڕوويانداوە و نەيتوانيوە هۆكاربێت بۆ ڕێگەگرتن لەو تاوانانە نە لە ڕابردوودا و نە لە داهاتووشدا دەتوانێت. ئەگەرچى دەبێت بە بايەخەوە ئەم ڕێكەوتننامەيە لەبەرچاوبگيرێت وەك يەكەم ڕێكەوتننامەى نێودەوڵەتيى دژى تاوانى جينۆسايد، بەڵام ئەم ڕێكەوتننامەيە پێويستى بە هەمواركردنەوە هەيە و خۆى بووەتە بەربەستێك لەبەردەم بەنێودەوڵەتييكردنى ئەو تاوانانەى كە بەرامبەر بەگەلى كورد ئەنجامدراوە.

**2**-دادگاى تاوانكاريى نێودەوڵەتيى كە لە 1998/7/17 دامەزرا و لە 2002/7/1 دا كارەكانى چووە بوارى جێبەجێكردنەوە، تاكە دادگاى نێودەوڵەتييە بۆ سەيركردنى تاوانە نێودەوڵەتييەكان لەناو ئەوانەشدا تاوانى جينۆسايد. تا ئێستا نەيتوانيوە بەهۆى بنەماكانى ئەم دادگايەوە كە لە 128 ماددە پێكهاتووە و بەربەستى زۆر ئاشكراى تێدايە بۆ ئێمە وەك نەتەوەى كورد لەوانەش، دەبێت ئەو دەوڵەتانەى تاوانەكە لەسەر خاكەكەى ڕوويداوە ئەندامى ئەو دادگايەبێت بۆ ئەمەش هيچ كام لەو دەوڵەتانەى، كە كوردستانيان بەسەردا دابەشكراوە و تاوانى جينۆسايديان بەرامبەر كورد ئەنجامداوە ئەندامى ئەو دادگايە نين و بەپێى ئەو تاوانانەى كە لە بەرامبەر كورديش ئەنجاميدەدەن دەردەكەوێت. هيچ كاتێك نايانەوێت ببنە ئەندامى دادگايەكى لەو جۆرە كە بەهۆى بوونە ئەندامبوونيان دادگا مافى

دادگاییکردنیانی هەبێت. هەروەها دەبێت تاوانەکە پێش 2002/7/1 ڕوویدابێت، تاوانبارەکان یان تاوانلێکراوەکان هەڵگری جنسیەی یەکێك لەدەوڵەتانی ئەندامی دادگاکە بێت، یان ئەگەر ئەو دەوڵەتەی تاوانەکە لەسەر خاکەکەی ڕوویداوە ئەندامی دادگاکەش نەبێت دان بە دەسەڵاتی دادگاکەدا بنێت. هەروەها ئەم دادگایە بە ئاشکرا مامەڵە لەگەل دەوڵەتدا دەکات و کوردیش خاوەنی دەوڵەت نییە، بەڵکو تەنها دەتوانێت لە ڕێگای ئەو دەوڵەتانەی بەسەریدا دابەشکراوە داواکانی خۆی بگەیەنێتە ئەو دادگایە. بۆیە ئەو دادگایە ناتوانێت کە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەکورد ئەنجامدراوە بە تایبەتی لە باشوری کوردستان وەك تاوانی جینۆساید بناسێنێت. چونکە بەشێکی زۆری ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەکورد ئەنجامدراوە دەکەونە پێش دامەزراندنی ئەو دادگایەوە. ئەمەش بەربەستێکی یاسایی ئاشکرایە بۆ گەلی گورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و ئەم دادگایەش بەو بنەمایانەی کە لەسەری پێکهاتووە و بەردەوامبوونی بەو جۆرە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی کورد ناتوانێت لە ڕێگای ئەو دادگایەوە ئەو تاوانانەی کە بەرامبەری کراوە بە نێودەوڵەتیی بکات وەك تاوانی جینۆساید.

**3**- لەکاتی نەمانی ئەو بەربەستانەدا کورد دەتوانێت بڕیاری نێودەوڵەتیی بۆ دانان بەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراوە بەدەستبهێنیت، ئەمەش لە ڕێگای گرتنەبەری ڕێکارە یاساییە پیویستەکانەوە، بە جۆرێك یان لەلایەن دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتییەوە، یان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە. لەدوای بەدەستهێنانی بڕیارێکی نێودەوڵەتیی بۆ بە جینۆسایدناساندنی ئەو تاوانانە دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی ترسناکی ئەو تاوانانەی کە ئەنجامدراوە بەرامبەر نەتەوەی کورد و خەمساردی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرامبەر ئەو تاوانانەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەپێناو پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتیی بەهۆی بەرکەوتنی زیانی گەورە بۆ کورد و مرۆڤایەتیی هەروەك بڕیاری(688)ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پارێزگاریی گەلی کورد دەبێت پابەندبێت بە پاراستنی ئەو ناوچانەی کە ئەو تاوانانەی تیاڕوویداوە. بەپێی ماددەی (39)ی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە هەرکاتێك ئەنجومەنی ئاسایش هەست بە مەترسیی بۆ سەر ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتیی بکات، دەتوانێت پلانی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئەو مەبەستە بەپێی ماددەکانی (41 و42)، مەترسییەکەش لەو لایەنەوە دروستدەبێت کە ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید دژی گەلی کورد چەندین دەوڵەت و کۆمپانیای گەورە پابەندبوونی یاسایی دەکەوێتە سەر شانیان، لەبەرئەوە پێویستی ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پارێزگاریی لەو نەتەوەیە دەبێتە بڕیار بە جۆرێك کە لەلایەکەوە دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش لێکەوتەکانی بڕیارەکە جێبەجێبکات و لەلایەکی ترەوە پارێزگاریی لە نەتەوەی کورد لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی کە پابەندبوونی یاسایی کەوتۆتە سەر شانیان بکات، بەو وڵاتەشەوە کە ڕاستەوخۆ تاوانەکەی ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا بەپێی بڕگەی دوو ماددەی (1)ی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان کورد دەتوانێت باشتر داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات، پاشان بەرەو دەوڵەت بوون و لە ئەنجامدا بوونە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .

**4**- لەسەر ئاستی گشتی هەموو پارچەکانی کوردستان لەکاتی دابەشکردنی خاکی کوردستان لەلایەکەوە بەهۆی بالأدەستی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردی بەسەردا

دابەشكراوە، كورد نەیتوانیوە ناومالّی خۆی یەكبخاتەوە نەك تەنها لەسەر ئاستی گشتی بەلّكو لەسەر ئاستی هەر پارچەیەكی كوردستانیش كورد پەرتەوازەبووە. لەلایەكی تریشەوە بەهۆی بەردەوامی كێشە ناوخۆییەكانی كوردەوە بە تایبەتی لە كوردستانی باشوور وەك بەشێكی سەربەخۆ، كورد نەیتوانیوە هەموو تواناكانی یەكبخات بۆ بە نێودەوڵەتییكردنی ئەو تاوانانەی كە لە قۆناغە جیاوازەكانی مێژوودا بەرامبەری كراوە و بتوانێت لە شێوەی داوایەكی یاساییدا بیگەیەنێتە كۆمەڵی نێودەوڵەتیی و لە ڕێگای هەموو ئەو كەس و شوێنانەوە كە كورد دەتوانێت پەیوەندیان لەگەڵدا ببەستێت و كاری تیابكات. جا ئەگەر لە ڕێگای حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بێت یان لە ڕێگای ئەو پۆستەباڵایانەوە بێت، كە كورد لە حكومەتی عێراقدا لەناوخۆ یان لەدەرەوەدا هەیەتی. تا لە ئەنجامدا وا لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان بكات باوەڕبێنێت بەوەی كە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە نەتەوەی كورد ئەنجامدراوە دژی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییەو بۆسەر تێكڕای مرۆڤایەتی جێگای مەترسییە. چونكە باوەڕهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییش بەوپرسە باشترین ڕێگایە بۆ بەنێودەوڵەتییكردنی تاوانی جینۆساید دژی گەلی كورد.

5-لە دوای دابەشكردنی كورد هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی كوردستان بە جۆرێكە كە هەریەكێك لەو دەوڵەتانەی خاكی كوردستانی بەسەردا دابەشكراوە بە تەواوی كەوتووەتەژێر دەسەلاّتی ئەو دەوڵەتەوە و هەركاتێك مەبەستیان بووبێت تاوانی جینۆساید لە بەرامبەریان ئەنجامدراوە و بەهۆی ئەوەی ئەو دەوڵەتانەش هەموو كات دژی خواستەكانی كوردبوون و توانیویانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بەهۆی بالاّدەستییانەوە لەهەموو ڕووەكانی سەربازیی و سیاسیی و ئابوورییەوە بەرژەوەندییەكانی ولاّتان بپارێزن و بەدیلێكی زۆر باشتر بن لەكورد بۆ ولاّتان بەگشتیی. ولاّتانیش بە تایبەتی ولاّتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بۆ پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەكانی خۆیان هیچ كاتێك پەیوەندیەكانیان لەپێناوی كورددا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا تێكنەداوە، بۆیە ئەو تاوانانەی لەسەردەمی ڕژێمەكانی پێشووەوە بەرامبەر بەگەلی كورد ئەنجامدراوە لە ڕووی شوێن و لە ڕووی كاتەوە بۆ كورد لەبارنەبوون و بوونەتە جۆرێك لە بەربەست بۆ گەیاندنی ئەو تاوانانە بە كۆمەڵی نێودەوڵەتیی.

## پەراوێزەكان

[1] دكتور ضاري خليل محمود، البسيط في شرح قانون العقوبات القسم العام، الطبعة الأولى 2002م ص50.

[2] د. ماهر ملندي، د. ماجد الحمودي، القانون الدولي العام، الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية 2018 ص14.

[3] المصدر نفسه ص13.

[4] الدكتور فؤاد خوالدية، القانون الدولي العام، جامعة محمد الاصديق بن يحي-جيجل، كلية الحقوق والعلوم السياسية قسم الحقوق، السنة الدراسية 2017-2018 ص4.

[5]А.Э. Жалинский, уголовное право, Том2, Излательский дом В.Ш.Э, Москва 2015, С 14.

[6]Международное уголовное право, Определение международного уголовного права, http://interlaws.ru/mezhdunarodnoe-ugolovnoe-pravo/

[7] الطالب محمد الصالح روان، الجريمة الدولية في القانون الدولي الجنائي، رسالة مقدمة لنيل شهادة الدكتوراه في العلوم الجنائي، جامعة منتوري قسنطينة كلية الحقوق في الجزائر، السنة الجامعية 2008-2009، ص65-66.

[8]История геноцида, https://vuzlit.ru/1335804/istoriya_genotsida

[9] ئاوارە حسێن، جینۆسایدی كورد لەڕوانگەی یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتیەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەكەم2017 لاپەرە 29.

[10]Геноцид и Иные преступления против человечности,https://studopedia.ru/6_68560_genotsid-i-inie-prestupleniya-protiv-chelovechnosti.html

[11]Толкачѐнко А. А. Уголовно-правовой аспект геноцида/За права военнослужащих. 2006. №8. URL: http://voenprav.ru/doc-4308-1.htm

[12]The Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, N 260 Date 9.Des.1948 Article 2 .

[13]Хасан Хунар А. Х. Преступление геноцида в Ираке: Проблемы уголовной ответственности, Автореферат Диссертации на соискание ученой степени кандидата юридических Наук 2015, МГЮА.

[14]The Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, N 260 Date 9.Des.1948 Article 2

[15]Аванесян В. В. Геноцид: криминологическое исследование. Автореф. дис. … канд. юрид. наук. М., 2010 **http://www.dissercat.com/content/genotsid-kriminologicheskoe-issledovanie**

[16] سمير مصطفى عقراوي، الابادة الجماعية للشعب الكوردي، المؤتمر الدولي حول الابادة الجماعية ضد الشعب الكوردي، أربيل 26-28كانون الثاني 2008 ص89.

[17] المصدر نفسه ص102.

[18]محمد رەئوف، ئەنفال و رەهەندە سۆسیۆلۆجیەكان، چاپی یەكەم – 2005 لاپەرە 183.

[19]Кочои С.М. Российский ученый-правовед, доктор юридических наук, профиссор кафедры уголовного права МГЮУ имени О.Е. Кутафина. АВТОР более 160 работ по уголовному праву и гиноциде, Интервью , москва, 19.2.2014.

[20]تەها سلێمان، جینۆسایدی كورد تاوانی ئەنفال، نوسین، دۆكۆمێنت، زانیاری، چاپخانەی بینایی، چاپی یەكەم 2015 لاپەرە 27.

[21] أ. د. تيسير عبدالجبار الالوسي، الانفال من جرائم الابادة الجماعية الكبرى، المؤتمر الدولي حول الابادة

الجماعية ضد الشعب الكوردي، أربيل 26-28كانون الثاني 2008 ص171.

[22] د. سەروەر عبدالرحمان عومەر، ژنانی ئێزیدی وەك كەنیزەك، رەوشی ژنانی ئێزیدی لەفەرمانەكانی دەوڵەتە ئیسلامیەكاندا، چاپخانەی سەردەم، 2016 سلێمانی لاپەرە 32.

[23] دكتۆر مارف عمر گوڵ، جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا،دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی پێنجەم، هەولێر – 2010 لاپەرە35.

[24]Сайдулаева Л.М., её мнение о Геноциде Магистрант на Кафедры уголовного права Института права Московского государственного юридического университета им. О. Е. Кутафина (МГЮА).

[25] конвенция о предупреждении преступления геноцида и наказании за него 1948г С 1.

[26] конвенция о предупреждении преступления геноцида и наказании за него 1948г, https://studopedia.ru/8_187003_konventsiya-o-preduprezhdenii-genotsida-i-nakazanii-za-nego.html

[27] Понятие геноцида и его общая характеристика, возникновение и развитие понятия геноцида. https://studwood.ru/743134/pravo/ponyatie_genotsida_obschaya_harakteristika

[28]Римский статут Международного угодовного суда, *Римский статут Международного угодовного суда,* статья-5

[29]Римский статут Международного угодовного суда, статья-6

[30]Римский статут Международного угодовного суда, статья-13

[31]Римский статут Международного угодовного суда, статья-12

[32] Федроченко А. А., Право международных угодовных трибуналов. http://e-notabene.ru/wl/article_11639.html

﴿33﴾ القاضي نبيل حياوي، ميثاق الأمم المتحدة و نظام محكمة العدل الدولية مع دراسة تمهيدية لأسباب و ظروف تأسيس هيئة الأمم المتحدة و مبادئها و أهدافها، الطبعة الثانية 2012، المكتبة القانونية بغداد، ص8

[34] Charter of the united nations and statute of the International court of Justice, SAN FRANCISCO.1945 Article 51.

[35] Resolution 688 Iraq 5 Apr 1991 http://unscr.com/en/resolutions/doc/688

[36] Charter of the united nations and statute of the International court of Justice, SAN FRANCISCO.1945 Article 1.

[37] القاضي نبيل حياوي، الباب السابع، العمل الواجب اتخاذه في حالة تهديد السلام أو الاخلال به، أو وقوع العدوان، المصدر سبق ذكره ص46.

**الخلاصة**

**يمتلك المجتمع الدولي على الكثير من المؤسسات القانونية المعترفة بها، التي تستطيع بموجب المبادئ الأساسية للقانون المكونة عليها ان تصبح مصدرا للقانون الدولي، بحيث تكون لها صلاحية الحكم على أية جريمة دولية بهذا الشأن، ولدينا الكثير من الجرائم الدولية التي أرتكبت عبر التاريخ ضد المجموعات الانسانية المختلفة وفي بلدان مختلفة وعدت تلك الجرائم إبادة جماعية، والمراحل الزمنية في تاريخ كوردستان تشهد بوقوع أشكال من الجرائم قد جربت على الشعب الكوردي، منها جريمة الإبادة الجماعية، وهي من أخطر الجرائم التي مورست بحق الكورد الذين عانوا كثيرا من الآثار السلبية لهذه الجرائم، بحيث تزداد المخاوف من تكرارها؛ لأنها لم تقرَ دولياً حتى هذه اللحظة بأنها جريمة إبادة جماعية. وعليه يتناول هذا البحث اولا مفهوم هذه الجريمة من حيث القانون الدولي و من ثم القانون الداخلي، وعلاقة هذه القوانين مع جريمة الإبادة الجماعية، وثانيا يتحدث عن العوائق القانونية على المستويين الدولي و الداخلي أمام الشعب الكردي التي حالت من دون استطاعة الشعب الكوردي من إقناع المجتمع الدولي بمظلوميته حتى الآن عما نزلت به من جرائم إبادة جماعية، أو كونها إبادة جماعية، وكذلك تشخيصها في ذلك الحقل بالإضافة إلى السبل الكفيلة التييمكن من خلالها الحصول على إقرار دولي يصنف تلك الجرائم بحق الشعب الكوردي من جرائم الإبادة الجماعية.**

## THE LEGAL OBSTACLES IN FRONT OF INTERNATIONALIZING THE GENOCIDE CRIMES COMMITTED AGAINST KURDISH NATION 1948 CONVENTION AS AN EXAMPLE

HONAR AMEEN HUSSEIN
Genocide and Anfal Studies Center in Charmo University, University of Charmo, Kurdistan Region – Iraq

**ABSTRACT**

The International community owns many certified offices that can identify any international crimes. Historically speaking, there were many crimes which were committed against ethnic groups all over the world. Interestingly, these crimes were ratified as genocide by these offices. Throughout history, Kurdish people were the subjects of different crimes. One of those crimes was genocide. This crime is known by many as the mother of all crimes. Sadly, the crime has left dramatic and terrifying effects on the Kurdish people. The fact of not ratifying the crimes which were committed as genocide, there might be the possible occurrence of more horrible incidents to this nation. That is why; this paper intends to tackle the concept of “crime” in local and international laws and its relationship with genocide. Moreover, the paper discusses the local and international obstacles in front of the Kurdish people to internationally identify the crimes committed against them as genocide. In addition to this, the paper provides insights and guidance on how to earn the approval of the United Nations to deem the crimes as genocide.

*KEY WORDS:* Genocides, International Crimes, International Crimes Court, Security Council, United Nations.